کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
15-8-2007 0:42  بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## قەڵەمەکەت ڕاستکەرەوە!! ... ڤیان مەجید

لەدەستدانی کاک جەبار فەرمان ئەسەفێکی گەورەبوو لەدڵی زۆرکەسدا، منیش یەکێك بووم لەو کەسانەی کەهەستم بەو کەلێنە گەورەیە کرد، کە کۆچی دوایی ئەم زاتە لەکاروانی خەباتی میللەتەکەماندا دروستیکرد، بۆیە کاتێك ڕۆژنامەی ڕۆژی (8/12) ی کوردستانی نوێ- ی ژمارە (4344) م هاتە بەردەست کەوتمە خوێندنەوەی بەمەبەستی سەرنجدان لەو هەواڵ وتارانەی لەسەر ئەو زاتە گەورەیە کۆچکردنی نوسرابوون.



لەمیانەی خوێندنەوەی بابەتەکانی ئەم ڕۆژنامەیەدا بەرێکەوت چاوم کەوتە سەر کورتیلە وتارێکی کەژاڵ ئەحمەد، کە لام سەرنجراکێش بوو خوێندمەوە، پاشان لە سایتی کوردستان نێت هەمان بابەت بڵاوکرایەوە، کە زانیم ئەمە وەڵامێکە بۆ وتارێکی ڕاگەیاندنی مەکتەبی ڕێکخستنی (ی. ن. ك)، کە لە وەڵامی چاوپێکەوتنێکی ئەم خانمەدا لە ڕۆژنامەی ژیانەوە نووسراوە، ئەوەی شایەنی باسکردنە خانمی ناوبراو ئەگەرچی دوور لەعورفی ڕۆژنامەنووسی چ وەك ئەتەکێتی وەڵامدانەوە چ وەك ناوەرۆکی وەڵامدانەوە چ وەك شوێنی وەڵامدانەوە چەندین جار ناوی من دەهێنێ دەیەوێت لەو ڕێگایەوە تورەبوونی خۆی بەرامبەر بەمەکتەبی ڕێکخستن دەربڕێ، لەکاتێکدا ئەو وتارە ڕاگەیاندنی مەکتەبی ڕێکخستن نوسیوویەتی دوورو نزیك پەیوەندیی بەمنەوە نییە، بەڵام بەداخەوە خانم لەڕێگای ڕێزکردنی یەك لەدوای یەکی جوملەیەك لەوشەوە ئەم وتارە دەنووسێت لەگەڵ ئەوەی نامەوێ بچمە ئاستی وەڵامدانەوە وردکردنەوەی ئەو تەوەرانەی وتارەکە لەخۆی گرتووە، هاوکات دەمەوێ هاوڕێکانم بەم چەند ڕاستیە ئاشناکەم.

- هەتا ئەو کاتەی چاوپێکەوتنەکەی ئەم خانمەم لەڕۆژنامەی ژیانەوەدا نەبینی نەمزانیوە، کە خانمی ناوبراو دژایەتیمان دەکات بەپێچەوانەوە بەدۆستی کۆنفرانسەکەم زانیوە و کاتێك پەیوەندیشم پێوەکرد تاوانە ئەگەر ئەو ڕاستیە نەڵێم، کە زۆر بەڕێزەوە ئامادەیی دەربڕیوە بۆ بەشداریکردن.

- لەڕۆژی (6/16) دا خۆم پەیوەندیم بەخانمی ناوبراوەوە کردووە بۆ ئەوەی بەهۆنراوەیەك یان قەسیدەیەك ئاهەنگی کۆتایی کۆنفرانس برازێنێتەوە (7/2) یش جارێکی تر پەیوەندیم پێوەکردەوە. تا ئەو کاتە بەدڵنیاییەوە ئامادەیی بەشداریکردنی هەبوو، بەڵام ئێمە لەپاڵ ئەم خانمەدا ژنە شاعیرێکی ترمان راسپاردبوو هەردووکیشیان دەیانزانی کێ هاورێیەتیان دەکات بۆ ئەوەی پێکەوە ئەو شەوە (45) خولەك بەدەنگە سازەکانیان کۆنفرانس رازاوەتر بکەن. دیارە من نەمزانی بوو کەژاڵ کێشەی لەگەڵ ئەو خانمەی تردا هەیە خۆشی هیچ نارەزایی یەکی دەرنەبڕی، کەچی بەداخەوە کەژاڵ ڕۆژی کۆنفرانس (ئەویش دوای ئەوەی خۆم هەواڵیم پرسی)، وتی ناتوانم بەشداریی بکەم چونکە باوکم نەخۆشە لەکاتێکدا بۆ ڕۆژی دواتر ئێمە بیستمان چاوپێکەوتنێکی ئەنجامداوە دەیەوێ نێگەتیڤانە لەسەر کۆنفرانسەکەمان بنووسێ، بۆیە من لەئێستادا دەتوانم بڵێم بیانووی بەشدارییەنەکردنی ناوبراو (دوور لەئەتەکێت عورفی بەڵێن پەیمان) ئەو ڕاستەییە کەئێوەش وەکو من تێدەگەن دەزانن هاتنی خانمە شاعیرەکەی تر ئەمی نارەحەت کردووە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

- لەڕاستیدا ئەو چاوپێکەوتنەی ناوبراو بڵاویکردبۆوە، ڕاگەیاندنی مەکتەبی ڕێکخستن لەڕۆژنامەی هەواڵدا وەڵامێکیان داوەتەوە و ڕەخنەیەکی تاڕاددەیەك توندیان ئاراستە کردووە کەبووەتە مایەی نارەحەتبوونی، بەڵام لەجیاتی ئەوەی ناوبراو بابەتییانە وەڵامی ئەوان بداتەوە تاسەی تووڕە بوونی خۆی بەسەر ئێمەدا دەڕێژێت، وتارێك دەنووسێ دوورو نزیك پەیوەندی بەوتارەکەی مەکتەب ڕێکخستنەوە نییە، لەکاتێکدا من ئەو چاوپێکەوتنەی ناوبراو لەژیانەوەدا ئەنجامیدابوو بەگرفتێکی ئەوتۆ نابینم ئەمە سەرەرای کاتێك وەڵامەکەی مەکتەب ڕێکخستنیشم خوێندەوە هەستم نەکرد وەکو پیاوان وەڵامیان داوەتەوە ئەوەندەی وەکو دەزگایەك کەبەشێك بوون لەکۆنفرانس، چونکە کۆنفرانسەکە بەهاوکاریی مەکتەبی ڕێکخستن بووە بۆیە سەرکەوتن شکستی کارەکە ئەوان هاوکار بوون تیایدا.

- ناوبراو بۆ وەڵامدانەوە هیچ سەنەدو بەڵگەیەکی نییە جگە لەباسکردن ناوهێنانی من بۆ چەند جارێك نەبێت بۆیە بەڕاستی لێتان ناشارمەوە من نازانم وەڵامی چی بدەمەوە یان لەکوێوە دەست پێبکەم، چونکە برگەکانی وتارەکە شایانی وەڵامدانەوە نین ئەمە جگە لەوەی کەژاڵ کار بەو وتە کوردییە دەکات کە دەڵێ (من ناوێرم تۆ دەنێرم) ئەویش خۆی ناوێرێ بڵێت مەکتەبی ڕێکخستن دێت ناوی من بۆ مەرامەکەی خۆی بەکاردێنێ.

- من نازانم خاتوو کەژاڵ لەکەیدا وتارێکی بۆ ڕەتدانەوەی ئێمە نوسیووە و بڕواش ناکەم شتی وا بەسەرمندا تێپەر بێت، خۆ ئەگەر شتی واشی نووسیبێ، ئەوا ئەوەندەی گەچکاری بۆیاخ کردووە نەزانراوە مەبەستی لەکێیە وەك دەڵێن (المعنى في قلب الشاعر) وتارەکەی ئەویش هەرخۆی زانیویەتی مەبەستی من سەنتەری جێندەر بووە، ئەگەرنا بۆ هیچ کەسێك پەیوەندی پێوە نەکردووم بڵێ شتێکی وات لەسەر نووسراوە و خۆشی هەڵوێستی بۆ لەبەرامبەرم نەگۆڕدرا کاتێك، کە پەیوەندیم پێوەکرد.

- جێی خۆیەتی ئەوە ڕوون بکرێتەوە بەگوێرەی عورفی ڕۆژنامەوانی هەر بابەتێك لەهەر کوێیەك نووسرا، دەبێت وەڵام ڕوونکردنەوەکانی لێی دەکەونەوە لەهەمان شوێندا بڵاوبکرێنەوە، بەڵام بەهەرحاڵ وڵاتی ئێمە کەی گوێی بەبنەما نەریتە پیشەییەکان داوە.

هەر چۆنێ بێ ئەم وتارەی من تەنها بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییانەی سەرەوەیە ئەگەرنا ئامادەنیم لەخانەی وەڵامدانەوەدا دابنرێت، دواین جاریشە لەسەر ئەم باسە وەڵام بدەمەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.